کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-9-2007 3:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کێن ئەوانەی دەهۆڵی ڕیفۆرم خوازی دەکوتن؟ ... هیوا سورداشی**

لە کردنەوەی سایتەکانی ئینتەرنێتدا و گەڕان بەدوای هەواڵە تازەو پڕ بایەخەکانی جیهاندا گەلێك نوسراوی بێ پێزوو جوێن ئامێز لەلایەن چەند ناوێکی خوازراوەوە ئەکەوێتە بەرچاو کە هەموو ئاماژەکان ئەوە ئەگەیەنێت کە برایانی باڵی ریفۆرم لەپشت ئەو نوسراوانەوەبن.

بۆیە من وەك کەسێکی بێ لایەن لە هەموو دەسەڵاتەکانی ئەمڕۆ دەمەوێت چەند دێرێك بخەمەپاڵ ئەو نوسراوانەی لەسایتەکان لەسەر کادرەکانی (ی.ن.ك) دەنوسرێت لەسەر گەندەڵی.

برایانی ریفۆرم (15) ساڵی تەواو مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانی لەژێر کۆنترۆڵی ئێوەدابوو کە هەموو کادرە ئیداریەکانی سنوری دەسەڵاتی (ی.ن.ك) بەتایبەتی لە سلێمانی لەلایەن ئێوەوە پێشنیار دەکرا هەر لە وەزیرو جێگر وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بەڕێوەبەرەکان و ئەنجومەنی شارەوانی و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەندامانی پەرلەمان کەوابێ لەو سەردەمەوە تا ئێستا واتەلە ساڵی (1992 – تاکۆتایی 2006) هەر گەندەڵیەك هەبوبێ ئێوە لی ی بەرپرسیارن بۆ لەو کاتانەدا کاری چاکسازی ئیداری و مالی رێکخراوەیتان نەکرد، شەماڵ عبدالوەفا یەکێکە لە سەرکردەکانی باڵی رێفۆرم و پلەکانی بەرپرسیارێتی بینیوە لە بواری رێکخستن و ئیدارەدا دوا پلەی وەزیری کشتوکاڵ بوو، لەو رۆژانەی رابوردودا لە یەکێك لە سایتەکاندا چەند گەندەڵیەکی شەماڵ خرابووە روو زیاد لەمەش خۆیشی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن باسی ئەوەی کرد کە ئەو تەکەتول دەکات و قوماریش و چەند شتێکی تریش دەکات، یەکێکی تر لە سەرکردەکانی باڵی بەناو ریفۆرم ئاسۆ علی یە کە پیاوێکی گێرەشێوێن و دژ بە گەشەکردنی (ی.ن.ك) ە نەیتوانی لە مەڵبەندەکەی خۆی چاکسازی بکات دوای ئەو هەموو خیانەتەی کە بەئیستعاب وەرگیرایەوە ئەبوایە لە ئێستەی بەوەفاتربوایە نەسەیارەکانی مەڵبەندی بدزیایەو بیکات بە نەریت بۆ ئاسۆ رحیم و رەشادو شێخ عوسمان و بەختیار چاوشین و عزیز و دەیان خەڵکی تر، ئەگەر بەتەمای ریفۆرم بوون چاکسازی و دڵسۆزی و دەست پاکی و داوێن پاکیان بکردایەتە نەریت نەوەك سەرکردەکانی ریفۆرم هاوڕی سیروان و نەجات و بەختیار کریم (بەخەی ناهی) بەردەنە سەر ناوبانگی ئەو کادرانەی کە بە دەنگی زۆرینەی کادرەکانی سلێمانی دەرچوون و پلەیان وەرگرتووە.

کار گەشتۆتە ئەوەی کە ئەم (3) بەناو ریفۆرم خوازە لەژێر ناوی (عادل چەرمەگایی) کە نازناوی هاوڕێ سیروانە نوسراوێکی سێ لاپەرەیی لەسەر کۆڵەکەیەکی بەهێزی (ی.ن.ك) و پێشمەرگەیەکی چاونەترس و خاوەن بڕیاری ناو مەیدانەکانی پێشمەرگایەتی و ئیداری بنووسن و چەند تۆمەتێکی بێ بنەما بدەنە پاڵ ئەو سەرکردە بێ وێنەیە، کە ئەمە تەواوپێچەوانەی بنەما سیاسی و ئەخلاقیەکانە، هاوڕێ سیروان شتەکانی خۆیانی لەبیرچۆتەوە کە بەرژەوەندی لەگەڵ هەرکەس بوو بەرانبەرەکەی زۆر بی وەفایانە دەکوتێت، هاوڕی سیروان لەکاتێك کلکەلەقەی لەدەرگای ماڵی کاك کۆسرەت دەکرد ئەیوت ئەوانەی (...) شەماڵ عبدالوفا بوون ئەڵێن پاشی پەمەیی یە، ئێستا ئەم پاش پەمەییەی قبوڵە بەسەرکردەی ریفۆرم بەڵام تۆمەتی نەگونجاو دەخاتە پاڵ کاك کۆسرەت، ئەوەی لەبیر چۆتەوە کە کاك کۆسرەت تەنها بۆ کوردایەتی و ئازاد کردنی کوردستان بووە بە پێشمەرگە و سوارچاکێکی مەیدانی کوردایەتی بووە وەك سەرکردەکانی هاوڕێ سیروان رۆژێك نەتۆراوەو ئەرزی واقیعی بەجێ نەهێشتوە یان تەسلیم بە رژێم نەبۆتەوە، یان کاری بۆ کەرت و پەرت کردنی (ی.ن.ك) نەکردووە، هاوڕی بیری چۆتەوە ماڵی سەرکردەکانی لە شوشەیە بەرد دەگرێتە چامخانەی پۆلاینی خەڵك.

سیروانی بەناو عادل چەرمەگایی تۆ تەسلیم بوونەوەی ئاسۆ علی و ئاسۆ رحیم و رەشادت لە بیر چۆتەوە وە ئەو پرسیاریان لی بکە چۆن ئەو چەند ساڵە لەژێر سێبەری بەعسدا و لەشاری سلێمانیدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەژیان، تۆ تەسلیم بوونەوەی بەخەی ناهیت بە دوو چەکەوە لەکەرتەکەی شەهید وەستا تاهیر لەبیرچۆتەوە چۆن بوو بە دۆستی داگیرکەران، تۆ مەسەلە ئەخلاقیەکانی شەماڵ عەبدولوەفات بیر چۆتەوە کە خۆت قسەت لەسەر دەکرد.

تۆ بەئیسلامی بوونی نەجاتی شەریکە نوسینەکانت لەبیر چۆتەوە کە لە مزگەوتی عبدالله لوتفی تەقوای خوای ئەکرد بەڕیشەوە تەنها لەبەر ئەوەی دژی (ی. ن. ك) بێت، تۆ ئەوەشت لەبیر چووە کە ئارامی پەوەردەی ژێر دەستی خۆت لە کۆمیتەی چواردە بەدزیەوە گیرا لە نوسینەکانیشتدا باسی کێشەی کۆمیتەی چواردە دەکەیت کە گوایە مەڵبەند ئەو کێشەیەی پێ چارەسەر ناکرێت بەپێچەوانەوە کادرەکانی ئەو کۆمیتە دزیان قبوڵ نیە، تۆ هەمیشە باسی سلێمانی دەکەیت ئەوەت لە بیرچوو کادری سلێمانی ئێوەیان ڕسوا کردو چی تر بێ ڕەوشتیان قبوڵ نەکرد. تۆ لەبیرت چۆتەوە خۆت و هەڤاڵەکانت دوای لوت شکاندنتان لەمەڵبەندی سلێمانی مەڵبەندەکەتان تاڵان کرد نە سەیارەو نە چەك و نە ئەرشیفتان هێشت هەموتان برد، من پرسیار لەخۆت و سەرکردەکانیشت دەکەم ئەمە لەکام یاسای ڕیفۆرمدا هاتووە ئەرشیف و مومتەلەکاتی مەڵبەندێك بەتاڵان بەرن.

تۆ لەبیرت چووە بەختیار عبدالرحمن ناسراو بە بەختیار چاو شین کە بە ئەسڵ خەڵکی عەوالآنی نزیك چەمی ڕێزانە لە بنەماڵەیەکی ناشۆڕشگێڕو خیانەتکار پەروەردە کراوە هەر کە مەنزومەی شیمالی لە ساڵی 1977تەرخان کردنی (60000) شەست هەزار دیناری ڕاگەیاند بۆ ئەو کەسەی بتوانێت کەسێکی شۆڕشگێڕی سنوری ئاغجەلەر شەهید بکات بنەماڵەکەی بەختیار یەکسەر لەگەڵ تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج دەستیان تێکەڵ کردو کارەساتی شەوی (23 /1977/7) ی لی کەوتەوە لە دۆڵی زیان لە نزیك گوندی (کانی بی) بەری کۆیە. باشتیرن بەڵگە لەسەر بێ لایەن نەبوونی بەختیار لەو خیانەتە خۆی و چەند خزمێکی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە گیران و فەقێ ووشیار ئەو کاتە فەرماندەی مەفرەزە بوو بە بەند کراوی دێ بەدێ لە سنوری سورداش و ئاغجەلەرو دەشتی کۆیە ئەیسوڕاندنەوە تا فەرمانی ئیعدام کردنیان دێت، بەڵام بەهۆی بوون بەجاشی مام و کەس و کاری بەختیار لەگەڵ تەحسین و قالە فەرەج نەکرا ئیعدام بکرێن، چونکە خەسارەتی کەس و کاری پێشمەرگە زیاتر دەبوو ئەوان هەڕەشەی تەعدا کردنیان لەکەس و کاری پێشمەرگەو کەسی شۆڕگێڕ کردبوو، ئەگەر بەختیار و خزمەکانی ئیعدام بکرێن.

خوێنەری بەڕێز ئێوە دەکەمە حاکم ئەمانەی ناویان هێنراوە حەقە بە خەڵکی ڕیفۆرخواز یان بەگەندەڵ و تاوانبار حساب بکرێن خۆتان بڕیار بدەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.